# شرۆڤە و لێکدانەوی کتێبی"حەسار و سەگەکانی باوکم "

شەشەمین  کۆڕی دانیشتنی خوێندنەوە و لێکدانەوەی کتێبی "حەسار و سەگەکانی باوکم" بەرهەمی "شێرزاد حەسەن" لە لایەن خاتوونانی  هۆگر بە کتێب و خوێندنەوە، ڕۆژی دووشەممە 27 جۆزەردان کاتژمێر 5 ی ئێوارە لە ژووری ئەنجومەن ئەدەبی مەهاباد بەڕێوەچوو . لەم دانیشتنەدا تاقمێک لە خاتوونانی هۆگر و نووسەر  هەر کام لە دەلاقەیەکڕا کتێبی دیاریکراویان خستە بەر باس و لێکدانەوە کە بریتی بوون لە؛

١-  سنوور مۆحسێنیفەر کتێبی "حەسار و سەگەکانی باوکم "  دەباسێکی تەسلدا بە ئامادە بووان ناساند.

٢- هەر لە سەرەتای ئەو دانیشتنەدا، چرۆ پەرویزنیا بابەتێکی شرۆڤەیی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی نووسینی کتێبەکە هێنا گۆڕێ کە بریتی بوو لە: ڕاوی و یەکەم کەسی تاک لە کتێبی

"حەسار و سەگەکانی باوکم " ، خەتنە و سەرچاوەکانی لە ئێران ، ئەختە کردنی ئاژەڵەکان و سووربوون لە سەر قسەی گەورە پیاوان وەک ئیمام شافعی لە سەر ڕەوتی خەتنە کردن، سازکردنی ئوستوورە لە کەسایەتییەکان، سێ چەمکی سەرەکی چیرۆک واتە خەنجەر و شەڵلاق و گۆچان ، همزاد پنداری لە گەڵ کەسایەتی باوک پاش مردن وەک "سووژە و ابژە"

٣- فەڕەح پیران  لەم دانیشتنەدا هێندێک چەمکەکانی مانداری نێو ئەو داستانەی هێنا گۆڕێ .بە بڕوای خاتوو پیران چەمکەکان لە درووستکردنی نێوەرۆکی ئەو کتێبەدا دەورێکی گرینگیان هەبووە.

٤- سوغرا ڕەزگەیی لێکدانەوەی خۆیان لەمەڕ سەردەمی سیاسی ژیانی نووسەر هێنا بەر باس. خاتوو ڕزگەیی لە وتەکانیدا تیشکی خستە سەر دیکتاتۆری سەدام حوسێن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەدەست هێنانی کورسی دەسەڵات کە چۆن ڕەنگدانەوەی بەسەر هێماکانی ئەو کتێبەدا هەیە.

٥- له بەشێکی تری ئەو کۆڕە ، گوڵاڵە سەدیقی تیشکی خستە سەر: ژیاننامەی شێرزاد حەسەن و بەرهەمەکانی و چێژوەرگرتن لە خوڕافەی ئایینی و دینی و کەڵک وەرگرتن لە بیری مرۆڤی بێزانست و بێزانیاری کۆمەڵی کۆیلە ، ئاووگۆڕ و ژیانی ژێر دەستی.

٦- ئارەزوو ئەحمەدی وتار بێژێکی تری کۆڕەکە بوو کە باسێکی لەسەر نماد و شوێنی داستانی نمادەکان لەو کتێبە هێنا بەرباس. خاتوو ئارەزوو باسەکەی لە سەر نماد و هێمای گۆمبەز لە حەسار و سەگەکانی باوکم زەق کردوە.

٧- گەلاوێژ بەیگ‌نیا وتەکانی خۆی تایبەت کرد بە کۆمەڵگای نەریتی کورد ، زاڵبوونی بیر و هزری کۆن و سوننەتی و مەزهەبی کۆمەڵگا و کوشتنی مرۆڤایەتی و ئێنسانییەت و باوک سالاری.

٨- نامەفهوومی ڕەهایی لە "حەسار و سەگەکانی باوکم" و شکڵگرتنی مەفهوومی ئازادی لە دووهەم تابلۆی بە ناو کەسایەتی "زیبا"دا لە لایەن شەویار گولابیئازەر.

٩- نەسیم فەقری باسێکی لە سەر ئافرت و چێژی دەرونی بەسەر فەزای داستانەکەی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

١٠- بەشێکی دیکەی کۆڕەکە تەرخان کرا بە وتەکانی، عیسمەت ئیسماعیل زادە لەسەر کووشتن و خوێنڕێژی لە نێوەرۆکی ئەو کتێبە و سووژەی داڕشتنی داستان.

١١- مینو ڕەهبان، لە سەر چەمکی خوشک و برا و شەرەف، پاسەوان و سەگ وەڕین، نەفەرت، مەرگ و گۆڕستان پێشکەش کرد.

١٢- گولالە ستاوەند باسەکەی لەسەر، مەنتقی داستانی ، خەتی و غەیری خەتی بوون و شێوازی داستان و هەڵبژاردنی نێوی شیاو بۆ کتێب ئاراستەی ئامادەبووانی کرد..










